# وڵاتی فەهلە و سەرهەڵدانی شیعری فەهلەویات بە کوردی و زمان و زارە ئێرانییەکانی دی

د. زرار سدیق تۆفیق
(زانکۆی دهۆک -کۆلیجی ئاداب)

**- وڵاتی فەهلە - پەهلە و زارە ئێرانییەکان:**

مێژوونووسان و ڕۆشنبیرانی ئێرانی ڕۆژگاری ئیسلامی، لەوانەی وا زانیاری و شارەزایی تەواویان لەمەڕ زمان و دیرۆک و کولتوور و ڕۆشنبیری دێرینی نەتەوە ئیرانییەکانی بەر لە ئیسلام و قەڵەمڕەوی ئیرانزەمین هەبوو، لەوێنەی ابن المقفع (م: ١٤٢ک/ ٧٥٩ز) و حەمزەی ئەصپەهانی (م: ٣٦٠ک/ ٩٧١ز) و شێرەوەیەی هەمەدانی (م:٥٠٩ک/ ١١١٥ز)، لەسەر ئەوە کۆکن کە لە ئێرانی سەردەمی ساسانییەکاندا، هەر پێنج زمانی: فەهلەوی - پەهلەوی، دەری، فارسی، خوزی، سریانی، بەکاردەهێنران و زمانی فارسی تەنیا زمانی پەیڤینی خەڵکی هەرێمی فارس بوو لە باشووری ئێران و زمانی فەهلەویش لە پەیڤی فەهلە، یان فەهلووە هاتووە و بە وڵاتی فەهلەوە پەیوەست بوو، بەڵام لە سەر دەستنیشانکردنی سنووری وڵاتی فەهلو- فەهلە ناکۆکن، حەمزەی ئەصپەهانی پێی وابوو پێنج دەڤەر و باژێڕی دەگرتەوە: ئەصپەهان، ڕەی-ڕاگی نزیک تاران-، هەمەدان، ماه نەهاوەند، ئازەربیجان، کەچی شێرەوەیە پێی وابوو ئەم وڵاتە حەفت شاری دەگرتەوە کە جگە لە شاری قوم، ئەوانی دی هەموو بەدرێژایی مێژوو کوردنشین بوون: هەمەدان، ماسەبەتان، قوم، ماه البصرە (نەهاوەند)، الصیمرە (سێمڕە)، ماه الکوفە (دینەوەر)، قرمسین (کرماشان)، هەرچی شار و هەرێمەکانی: ڕەی و ئەصپەهان و قومس و تەبەرستان و خوراسان و سجستان و کرمان و مەکران و قەزوین و دەیلم و تالەقان بوون، ئەوە بە بەشێک لە وڵاتی پەهلەوی ناژمێردران(١).

هەروەها بەگوێرەی بۆچوونی هەر یەک لە ابن خرداذبە (م: ٢٨٠ ک/ ٨٩٤ ز) وابن الفقیە (م: ٣١٠ک/ ٩٢٣ز) و ئەبونەعیمی ئەصپەهانی (م: ٤٣٠ ک/ ١٠٣٨ ز) و مێژوونووس و گەڕۆکانی دی، وڵاتی پەهلەوی هەر هەمان شار و باژێڕ و ناوچانەی دەگرتەوە بە هەندێک جیاوازییەوە لە ناوی شارەکان کە زۆربەیان کوردنشین بوون(٢).

بەپێی ئاخفتنی المقدسی (م:٣٨٧ک/ ٩٩٧ز)، کە بەڵەد و شارەزای جوگرافیا و کولتووری وڵاتی ئێرانزەمین- ئێرانشەهر بوو، وڵاتی پەهلەوییەکان ئەم شارانەی دەگرتەخۆ:

هەمەدان، ماسبزان، میهرەجانکدک (مهرجانقزق)، نەهاوەند، دەینەوەر و ئەم باژێڕانەی تێدابوو: میراوەند، ڕۆزڕاوەر، ڕامین، ئەسەد ئاواد...و دەڵێت: لە هەندێک کتێبدا خوێندوومەتەوە کە شارەکانی ڕەی-راگ و ئەصپەهان سەر بە وڵاتی پەهلەوییەکان نین، دەربارەی



**باباتاهیری هەمەدانی**

شێوازی ئاخفتنی جیاوازی نێوان شارەکانی وڵاتی پەهلەویان، ئاماژەی بەچەند زار و شێوەزار و دەڤۆک داوە و بەکورتی هەندێک لایەنی جیاوازی نێوانیانی دیارخستووە و ئەوەشی ئاشکراکردووە کە خەڵکی هەمەدان پەیڤی(واتم و واتو) بەکاردەهێنن(٣)، لەلایەکی دییەوە تا سەردەمی مەغۆلیش - سەدەی٨ک/١٤ز- زمانی خەڵکی مەراغە پەهلەوییەکی گۆڕدراو(پهلوی مغیر)بوو(٤).

هەروەها زمانەوانی ناودار ئەسەدی تووسی -سەدەی ٥ک/١١ز- جیاوازی زمانەوانی نێوان شار و هەرێمە فارس زمانەکانی دەستنیشان کردووە(٥).

دکتۆر پەروێز ناتل خانلەری(١٩١٣-١٩٩٠)، دوای دیڤچوون و پشکنینێکی وردی سەرچاوە مێژوویی و ئەدەبییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، توانیویەتی چل زار و بن زار و دەڤۆکی ناوچەیی زمانە ئێرانییەکان بژمێرێت و بۆی ساغ بووەتەوە کە هەر بازێڕ و ناوچەیەکی ئێرانزەمین، زاری تایبەت بەخۆی هەبووە و کەم، یان زۆر جیاوازی لە هی شار و ناوچەکانی دی هەبووە، لەوانە فارسی- تەنیا زمانی هەرێمی فارس، خوزی- خوزستانی، پەهلەوی، کوردی، گیلکی-گەیلانی، زنجانی، ئازەری، سەمەرقەندی، تەبەری - مازندەرانی، ڕازی، کرمانی، بلووچی، نیشاپووری، خوارزمی، بوخارایی، بەلخی، جوزجانی، غوری، ئەصپەهانی، تووسی، سیستانی...تاد(٦).

زۆربەی ئەم زار و بن زار و دەڤۆکانە، وێڕای ئەوەی لێک جیاوازبوون و بەڕوونی هەست بەتایبەتمەندی هەر یەکێکیان دەکرا، کەچی ناوی زمانی فارسی کۆی دەکردنەوە، لەم بارەیەوە (المقدسی) لە ناساندنی هەرێمە عەجەم نشینەکاندا (بلدان الاعاجم) کە لە هەشت هەرێم پێکدەهاتن، دەڵێت زمانی ئەم هەرێمانە عەجەمییە و تێیاندا هەیە(دریە) و هەیانە داخراو و هەموویان بە زمانی فارسی ناودەبرێن و جیاوازی نێوانیان بەڕوونی بەدی دەکرێت(٧)، مەسعوودیش (م:٣٤٦ک/٩٥٧ز) لەمیانەی ناساندنی حەفت نەتەوە دێرینەکانی جیهانی کۆندا کە لە ڕووی زمان و ئەدگار و دابونەریت و شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە سەربەخۆن، یەکەم جار لە نەتەوەی فارس (الفرس) دەدوێت و دەڵێت زێد و نیشتمانیان لە وڵاتی چیاکان و ئازەربێجان و ئەرمینیا و تەبەرستان و گورگان و خوراسان و سیستان و فارس و خوزستان و دەربەند و نیشاپوور.. پێکدێت و سەرلەبەری ئەم وڵاتانە یەک مەملەکەت بووە و یەک شا و یەک زمانیان هەبوو، بەڵام لە ڕووی زمانەوە لە هەندێک شتی کەمدا جیاواز بوون(٨).

مێژوونووسێکی دی گشت نەتەوەکانی ئێرانزەمینی بە فارس ناوبردووە و دەڵێت: "فارس -مەبەستی ئێرانییەکانە-نەتەوەگەلێکن، لەوانە:دەیلم و جیل- گەیلانی و کورد"(٩).

**- سەرهەڵدانی نووسین و شیعر بە زارە پەهلەوییەکان:**

دوای ئەوەی خەلافەتی عەباسی لە بەغدا دووچاری لاوازی و بێ هێزی هات و سیستمی خەلافە و بیرۆکەی یەکێتیی جیهانی ئیسلامی، بەها و پیرۆزییەکی ئەوتۆی نەما و سەروەری و برا گەورەیی نەتەوەی عەرەب برەوی جارانی لەدەست دا، چەند هەرێم و ناوچە لە جەستەی خەلافە دابڕێنران و تێیاندا میرنشین و دەسەڵاتداریی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆ لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا سەریان هەڵدا، هاوکات هەستی نەتەوایەتی لەناو میللەتاکانی ناعەرەب گەشەی کرد و بەتایبەت لەکن ئێرانییەکان، لایەنێکی زیندووی ئەم گەشەکردنە، لەوە خۆی بەرجەستەکرد کە بایەخ بە کەڵچەر و کەلەپووری نەتەوەیی بدرێت و نووسین و داهێنان لە پاڵ زمانی

عەرەبی بە زمانی نەتەوەیی، یان ناوچەیی بێت، ئەوەبوو چەندان نووسەر و شاعیر دەرکەوتن کە بە زمان و شێواز و دەڤۆکی ناوچەیی خۆیان شیعریان دەهۆنییەوە و کتێبیان دادەنا. لە نێوان میللەتە ناعەرەبەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا، وێڕای زمانی فارسی کە سەرەتا تەنیا زمانی نووسینی هەرێمی فارسی بوو(١٠)، بە گەلێک زار و شێوەزار و دەڤۆکی دی ئێرانی دیوانی شیعر و بەرهەمی نووسراو دانران، بە تایبەت بە زمانی تەبەری-مازندەرانی کە تا ئەمڕۆش سەربەخۆیی خۆی پاراستووە و بە زمانێکی جیاواز لە فارسی دەژمێردرێت، لە سەردەمی میرنشینی زەیاری(٣١٥-٤٧٢ک/٩٢٧-١٠٧٩ز) فەرمانڕەوای هەرێمەکانی تەبەرستان و دەیلەم، بایەخ بەم زمانە درا و گەشەی کرد و کرا بە زمانی نووسین و داهێنان و کتێبی مێژوویی پێ نووسران، شاعیرانی هەرێمەکەش هەر بەزمانی خۆماڵی شیعریان دەهۆنییەوە، هاوکات لە وڵاتی پەهلەوییەکان (بلاد البهلويين) کە وەک باس کرا، پتر شارەکانی نەهاوەند و هەمەدان و دەینەوەر و کرماشانی دەگرتەوە، شاعیرانی ناوچەیی دەرکەوتن و هەر یەکەو بە شێوەی ناوچەکەی خۆی شیعری دادەنا و دیارە دیارترین و مەزنترینیان (بابا تاهیری هەمەدانی)یە(١١)، هەروەها لە ناوچەکانی زنجان و قەزوین و ئەبهەر هەمان دیاردە سەری هەڵدا(١٢).

لەم بارەیەوە، شەمسی قەیسی ڕازی (م: پاش ٦٢٨ک/١٢٣١ز) چەند پارچە شیعر و چوارینە و بەیتی هێناوەتەوە کە بە زار و شێوەزارە ئێرانییە جۆربەجۆرەکان هۆنراونەتەوە(١٣).

هەر لەمەڕ ئەم بابەتەوە، حەمەدوڵڵای قەزوینی(م: ٧٥٠ک/١٣٤٩ز) لە ژێر ناوونیشانی (أهل الشعر من العجم) دەڵێت:

"شاعیرانی عەجەم ئەوانەی بە زمانی فارسی و زمانی پەهلەوی و زمانەکانی دی شیعریان داناوە، گەلێکن و لە ژمارە ناهێن"و بە نموونەوە سەرگوزشتەی ئەم چەشنە شاعیرانەی تۆمارکردووە لەگەڵ دەستنیشان کردنی زمانی نموونە شیعرییەکە و تەنیا زمانی شیعری هەمەدانی و ئەبهەری بە پەهلەوی ناوبردووە:

- ئەمیرکا، یان ئەمیرکاکا خیاجی- بە قەزوینی.
- اوتایج- اویانج- اوتانج زنجانی - بە زنجانی.
- پونداری ڕازی-بە زمانی ڕازی، یان ڕاگی، شاری ڕەی لە نزیک تەهران.
- کافی کەرەجی- بە کەرەجی.
- عیمادەددینی فەزلەوی- لەمیرانی لوڕستانی مەزن.
- جولاهەی ئەبهەری- بە پەهلەوی.
-عزەددینی هەمەدانی- بە پەهلەوی(١٤).

بۆ نموونە جولاهەی ئەبهەری لە شیعرێکی پەهلەویدا دەڵێت:

**کەیلە امرو کمندان تاو می دا**
**کو ز من وا بروش هالاو می دا**
**سنبلاش دول واری همی کرد**
**نر گسانش جەسیبان آو می دا**
**واش بە بردە بد واشامە اج سر**
**کونە ایش بسو در تاو می دا**
**جمن چێن اژرش آوی رهای یار**
**ورنە جان منش اولاو می دا**(١٥).

ئەم شیعرە چونکە بە زارێکی لۆکاڵی دانراوە و ڕوونووسکارانی دانەکانی مێژووی گوزیدە(تاريخ گزيدة) سەریان لێدەرنەچووە، بۆیە لە دوو دانە دەستنووسی دی مێژووی گوزیدەدا، بە دوو شێوەی جیاواز هاتووە(١٦).

پێویستە ئاگاداری ئەو ڕاستییەش بین کە ئەو دەمانە و بەر لە هەژموونی تورکە سەلجووقییەکان، ناوچەکانی ئەبهەر و سوهرەوەرد -سورەوەردی نزیک زنجان، پتر کوردنشین بوون، گەڕۆک (ابن حوقل) (م:٣٦٧ک/٩٧٨ز)دەڵێت کوردەکان زاڵن و زۆربەی دانیشتوانی سەهرەوەرد و ئەبهەر و دەڤەرەکانی دەوروبەری پێکدەهێنن(١٧)، وا دیارە خەڵکی ئەبهەر بەلای کەمەوە تا سەدەی ٧ک/١٣ز هەر لە کوردی فەهلی- فەیلی بوونە، ئەوەتا قازی محەمەدی کوڕی ئەحمەدی ئەبهەری(م: ٦٧٣ک/١٢٧٢ز) دانەری هەردوو کتێبی (كافية النهوض في مسائل العروض) و (لوامع الوسائل في مطالع الرسائل)، بە ئەبهەریی فەیلی (الأبهري الفيلي) ناوبراوە(١٨).

هەروەها مێژوونووسان و گەڕۆکانی موسڵمان جەخت لەو ڕاستییە دەکەنەوە کە هۆزەکانی لوڕ کوردن (١٩)و دانیشتوانی نەهاوەند و دەوروبەری تا سەدەی ٨ک/١٤ز هەموو کوردی شیعەی دوازدە ئیمامی بوون(٢٠).

ڕاستییەکەی کورد بەتایبەتی هۆزە کوردە ڕەوەندەکان،

له ڕایەڵەی گەرمیان و کوێستانیاندا تا ڕۆژگاری شالاّوی سەلجووقییەکان-سەدەی٥ک/١١ز- دەگەیشتنە نزیک قەزوین و لە ساڵی ٣٣٤ ک/ ٩٤٦ز (الشریف الحسن بن الحسین بن جعفر) لەدەروازەی قەزوین بەدەستی کورد هاتەکوشتن(٢١)، لە ساڵی ٢٩٥ک/ ٩٠٨ز نزیکەی دە هەزار کوردی ئاوایی‌یەکانی ئەصپەهان لە دەوری سەرکردەیەکی یاخیبوو لە عەباسییەکان گردبوونەوە و لە ساڵی٣٤٤ ک/ ٩٥٥ز کوردەکان لە ناوچەی ساوە، کاروانێکی حاجییانیان تالاّن کرد(٢٢).

دانانی شیعر بە پەهلەوی تا ڕۆژگاری دەسەلاّتی مەغۆلیش -سەدەی ٨ک/١٤ز- بەردەوامی هەبوو، عزەددینی هەمەدانی کە هاودەمی حەمەدوڵڵای مستەوفی یە، شاعیرێکی دیکە شیعری بە پەهلەوی داناوە:

**اته دارم چه مهری پنهانی راز؟**

**یه لزایه جمالکی ده کهان از؟**

**چکونکم کونه رسوا بکردار؟**

**چەچشمم چشمەواج ادواجه آن راز؟**

**باد بند حه اح ادمن برا امه؟**

**سرشی ار کنا او دو شوان راز؟**

ئەم شیعرەش لە هەر دانەیەکی دەستنووسی مێژووی گوزیدەدا، بە شێوەیەک هاتووە(٢٣).

لێرە پێویستی زۆرمان بە زمانزانێکی کارامە و شارەزا هەیە لە زار و شێوەزارەکانی کوردی تا لەم بەیتانە بکۆڵێتەوە و بە دروستی و ڕەوانی بیانخوێنێتەوە.

ئەم چەشنە شیعرانە، واتە ئەوانەی بە زمانانی جیاواز لە فارسی نووسراون لە مێژووی ئەدەبی میللەتانی ئێراندا، هەر لە کۆنەوە بە (پەهلەویات) ناوزەدکراون و دەبێت مەبەست ئەوە بێت کە بەو زمانانە نووسراون کە بە میراتگری زمانی پەهلەوی دەژمێردرێن، لەوانەش بێ گومان چەند زارێکی زمانی کوردی، قەیسی ڕازی بەخۆی هەر بەم ناوە ناوی بردوون و دەڵێت خۆشترین بەیت و بالوورەی فەهلەویات، ئەوانەن کەوا لەگەڵ ئاوازی (أورامنان)، واتە هەورامانی دەخوێنرانەوە، تەنانەت لە کۆنەوە بە بەیتێک شیعر ئەم کەیف و خۆشییە دەربڕراوە:

**لحن أورامن و بیت پهلوی**

**زخمه رود و سماع خسروی**(٢٤).

هاوکات لەنێو کەڵە شاعیرانی ئێراندا، وا باوبوو بە زیاتر لە زار و زمانێکی ئێرانی شیعر دابنێن و بۆ سەلماندنی توانایی و شیانی خۆیان و چەسپاندنی دەسەلاّتی زمانەوانییان و تاقیکردنەوەی دەستڕۆیشتوویییان لە شیعرێکدا، چەند زارێکیان تێکهەڵکێش دەکرد، تەنانەت هەردوو شاعیری ناودار سەعدی شیرازی (م:٦٩١ک/١٢٩٢ز) و حافزی شیرازی (م:٧٩١ک/١٣٨٩ز) ئەم چەشنە شیعرانەیان هەیە(٢٥).

**- کورد وپەهلەویات:**

بێ گومان کە زمانی کوردی بەتایبەتی زارەکانی هەورامی و لوڕی و لەکی پێوەندییەکی پتەویان بە زمانی پەهلەوییەوە هەیە و بە درێژەپێدەر و میراتگرەوەی ئەو زمانە دێرینە ئێرانییە دەژمێررێن، ئەوەی ئەم پێوەندی و نزیکایەتییە دەسەلمێنێت، ئەوەیە کە زمانی قەواڵەکانی هەورامان کە بۆ دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێنەوە، بەپەهلەوی-پەهلەوانیک ناوبراون(٢٦).

هەروەها پاش دەرکەوتنی ئیسلام و تا سەدەی ٤ک/١٠ز، کوردی وا هەبوو سەری لە خەتی پەهلەوی دەردەچوو و دەیتوانی نووسراوی پەهلەوی بخوێنێتەوە و لێی تێبگات، لە ساڵی ٣٤٤ک/ ٩٥٥ز، لەو دەمەی (عضدالدولة) فەناخەسرەوی بوەیهی (م: ٣٧٢ک/ ٩٨٢ز) لە شیراز بوو، نووسراوە کۆنەکانی کۆشکەکەی شاهی هەخامنشی دارای مەزن سەرنجی ڕاکێشا و ئارەزووی کرد بزانێت دەربارەی کێن و لەچی دەدوێن و داوای کرد کەسانێکی شارەزا بهێنرێن تا نووسراوەکان بخوێننەوە، ئەوەبوو دوو کەس لە خزمەتی ئامادەبوون و یەکێکیان کوردە بوو ناوی (علي بن السري الكردي) و نووسراوەکانیان خوێندووەتەوە، پاشان (عضدالدولة) فەرمانی دا ئەم کارەی وەک یادگاری لەسەر کۆشکەکە تۆماربکرێت(٢٧).

وا دیارە کوردیش وەک نەتەوەیەکی سەرەکی و دێرینی ئێرانزەمین پشکی لە سامانی ئەدەبی پەهلەویات هەیە، هەر چەند کەمیش بێت و بە یەکێک، یان زیاتر لە زار و دەڤۆکەکانی لەکی و لوڕی و هەورامی، لێرەولەوێ پارچە شیعرێک، چوارینەیەک، بەیتێک هۆنرابێتەوە، دوورنییە بشێن بەیت و دێرە شیعری کوردی بەو لقانەی زمانی کوردی لەنێو خەرمانی کەلەپووری پەهلەویات بدۆزینەوە.

ئەوەتا دەمێک موسڵمانەکان نەشیان بەجەنگ شاری

قـەزوین بگرن، پەیامـیـان بۆ خـەڵکی شـارەکە نارد کـە ئامادەن جزیە - سەرانەیان لێوەرگرن، ئەوانیش یەکدەنگ بە ئاواز و سترانی بڵندەوە گوتیان:

**نە موسلمان بیم و نەگزیت دهیم**

**بشی او مکە شی کاما برهیم**(٢٨).

-شێخ ئەبوعـەباسی نەهاوەندی (م:٣٣١ک/٩٤٣ز) لە چوارینەیەکدا دەڵێت:

**دلا آز عاشقی یارت یکی وس**

**و گرها دوکنی نبو کەس**

**نصیحت رایگان آرها بژیری**

**هرآن کس دل یکی یارش یکی وس**(٢٩).

(ڕاوەندی)یش-سـەدەی ٦ک/١٢ز- لە کـتـێـبـەکـەیدا (راحة الصدور) شەش بەیتە شیعری بە زمانی پەهلەوی هێناوەتەوە و یەکـــێـکیــــان هی (عــــلاءالدولة)ی هەمەدانییە(٣٠).

**بواد اروند کوە ج یابنپی**

**آرویدا روند بی واژ ایژ وشی**

ئەم چوار بەیتەش پتر بۆنی کوردیان لێدێت:

**خویش و بییانە و ئازاد و بەندە**

**وانکشان واتها کیابی بتندە**

**او چمن خو نشان باهت سمشیر**

**زرتنگی دریم اسبن بوندە**

**اژان رووا کە بو ریم مانم**

**نە اج خویشان نە اج بییانە اتم**

**کی نوا کز بأین بییانە بومان**

**دالە زیوندە ماتم یا سماتم.**

لە تاکە بەیتێکی دیکەدا هاتووە:

**من کە بوەستە بی لوبارە جانان**

**جەهرکی لو بدندان هانگیرام**(٣١).

ئێرانناسی بریتـانی ئیـدوارد براون (١٨٦٢-١٩٢٩) دەربارەی بەیتــە پەهلەوییــەکــان دەڵێت: جگە لە دانە ڕەســەن و کـۆنەکـان نەبێت، بەیتـەکـان شـێـوێنراون و بەشێوەیەک نووسراونەوتەوە کە ناتوانین هیچیان لێ تێ بگەین(٣٢).

هەروەها توێژەری ناسـراوی ئێـران عـەباس ئیـقـبـال (١٨٩٦-١٩٥٦) لە پێشەکی کتێبی (راحة الصدور)دا دەڵێت: دەمـێک شـیـعـر و بەیتـەکانی نێـو ئەم کـتـێـبـە دەخوێنینەوە، ئەوجا دەزانین شیعری شاعیرانی گەورەی فـارس چۆن لە دیوانەکـانیـان لە لایەن کـەسـانی نەزان و نەشـارەزاوە شـێـــوێنراون و دان بەوەدا دەنێت کـە ئەم بەیتــانەی لێک نەداوەتەوە، چونکە نەشـیــاوە ئەو زارە گشتییە بناسێتەوە کەوا پێی نووسراون، ئەمە لە کاتێکدا ئێرانناسی فەڕەنسی شارل شیفەر(١٨٢٠-١٩٠٢)کە بۆ یەکەم جار چەند بەشێکی دەقی فـارسی کـتـێـبی (راحة الصـدور)ی بڵاوکردەوە، ڕایدەگەهێنێت کە بەیتەکـان بە شێوەزارێکی کوردی هۆنراونەتەوە(٣٣).

لەلایەکی دیکەوە، محەمەد ئەمین هەورامانی پسپۆڕ و شـارەزا لە زاری هەورامـیـی زمـانی کـوردی، پێی وایە ژمـارەیەک لە هەڵبـەسـتـە پەهلەوییـەکـان تەواو بە زاری هەورامـیـیـە و جیـاوازییـەکی ئەوتۆیان لەگەڵ هەورامـیـی هاوچەرخدا نییە، لەوانە دێڕێکی شاعیر هومامی تەبرێزی (٦٣٦-٧١٣ک/١٢٣٨-١٣١٣ز):

**وەهار و ول وە دیەی خووەش بێ**

**ئەوێ یاران، مەول بێ، مە وەهاران**

و چوارینەیەکی حـافـزی شـیـرازی کـە تێکهـەڵکیـشی عەرەبی و فارسی و کوردی هەورامییە:

**بە پێی ماچان، غەرامت بەس پەرێ من**

**غەرتۆ(تە)یەک وەک ڕەوشتێ ئەز ئیماد یی**

**غەمی ئێن دل، بە واتەت، خوردی ناچار**

**وەغەر نەرا بینی ئایچ تە نە شاد یی**(٣٤).

جـاری واش هەبوو دەمـێک شـاعـیـرێکی غـەیرە کـورد دەهاتە کـوردسـتـان، چ وشە و ڕسـتـەیەکی زمـانی کـوردی بیستایە، دەیئاخنییە نێو شیعرێکییەوە، لەوانەش ابن الحجـاج (م:٣٩١ک/١٠٠١ز) کـە لەو شـیـعـرەی وا لە قـــەڵای ئەردەمـــشـــتی ڕۆژئاوای دهۆک داینـاوە، چەند پەیڤـێـکی کـوردی وەک (دۆ، هەفت، برۆ، خـوی خـانی- خاوەندی خانی، جفت، بەخت، ڕەخت...) تێهـەڵکێش کـردووە(٣٥)، شـاعـیـرێکی دی بە نـاوی نەوشـێـروانی بەغـدادی لە سـاڵی٥٧٥ک/١١٧٩ز هاتووەتە هەولێر و چەندان وشـەی سـەر زاری خـەڵکەکـەی خـسـتـووەتە نێـو شیعرێکییەوە(٣٦).

**پەراوێزەکان:**

(١) ابن الندیم، الفـهـرست (القـاهرة: ٢٠٠٦)، ١/ ١٣، یاقوت الحموي، معجم البلدان، ٤٤٩/٣- ٤٥٠ (مادە فهلو).

(٢) المسالک والممالک، ص٥٧، مختصر کتاب البلدان، ص

۲۰۹، ذکر أخبار اصفهان (لیدن: ۱۹۳٤)، ۱/ ٥٦.

(۳) أحسن التقاسيم، ص، ۲۹۱، ۲۸۳، ۲٦۱، ۲۹٦، ۳۰٥.

(٤) حمدالله مستوفي، نزهه القلوب، ص۱۳٥.

(٥) لغت فرس، ص ۸۰، ۷۱، ٦۸، ٥۲، ۳۸-۸۲.

(٦) تاريخ زبان فارسى، ۱/۲۸۲-۲۹۱، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکم بە ناوونیشانی: زمانی کوردی لەسەدەکانی ناوەڕاست، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، گۆڤاری زانکۆی دهۆک، پەربەند(۱۱)، ژمارە(۱) (ئەیلول: ۲۰۰۸).

(۷) "وأعلم أن أكثر بلدان الأعاجم موضوعة على اسم من أنشأها وبناها، نذكر ذلك في موضعة إن شاء الله تعالى و كلام أهل هذه الأقاليم الثمانية بالعجمية إلا أن منها درية و منها منغلقة و جميعها تسمى الفارسية واختلافها بين و انعجامها مشكل"، أحسن التقاسيم، ص۲۱۱.

(۸) "الأمم السبع فى سالف الازمان، ولغاتهم وآرائهم ومواضع مساكنهم وما بانت به كل أمة من غيرها "، التنبيه والاشراف، ص۸٤.

(۹) "والفرس فرق كثيرة، فمنهم الديلم، وهم سكان الجبال، و منهم الجيل و هم يسكنون الوطاة التي لجبال الديلم، وأرضهم هي ساحل بحر طبرستان. و منهم الكرد، و منازلهم جبال شهرزور... أبو الفداء، المختصر في أخبار البشر، ۸۳/۱.

(۱۰) الأصطخري، مسالک الممالک، ص۸۳، ابن النديم، الفهرست، ۱۳/۱، ياقوت الحموي، معجم البلدان، ٦/ ٤٥۰.

(۱۱) خەریکی لێکۆڵینەوەیەکم دەربارەی سەردەمی ژیانی شاعیر بابا تاهیر.

(۱۲) تاريخ الأدب في ايران، ۱/۱۰۸-۱۰۹، ۱۳۳، بڕوانە: شاكر مصطفى، التاريخ العربي والمؤرخون، ۲/۳٦۲-۳٦۸، زمانی کوردی لەسەدەکانی ناوەڕاست، ل۱۱۷.

(۱۳) راحة الصدور وآية السرور، ص ٤٥-٤٦، المعجم في معايير أشعار العجم، ص ۸۰- ۸۳، ۱٤۳-۱٤۷.

(۱٤) تأريخ گزيده، ص ۷۲۰-۷۲۱، ۷۲٦، ۷۳۹، ۷٤٦.

(۱٥) أديب گوسى شیعرەکانی جولاهەی لێکداوەتەوە، بڕوانە: نمونه اى از فهلويات قزوين و زنجان درقرن هفتم (تبريز ۱۳۳٤ هـ. ش).

(۱٦) **كيله امر و كمدان تا و مى را**
**كونه من وايرش هالاوه ميدا**
**سنبلانش دول وارى همى كرد**
**نرگسانش جه شيتان ادمى دا**
**داش به بودند و اشامەرج سر**
**كو نانش بسو در تاو مى دا**

کەچی لە دانەی سێیەمدا بەم شێوەیە:

**كيله امرو كمندان تا د ميدا**
**خون من و ايرش هالاوميدا**
**سنبلانش دەول بازى همى كرد**
**نرگسانش چه شيتان ئادميدا**
**واش برده مدد اسامه اج سر**
**كو مالش بسو در ما و ميدا**
**حن چمن اورش اوى رەئى مار**
**ورنه حال منش اولا مى داد.** تاريخ گزيده، ص۷۳۹-۷٤۰.

(۱۷)صورة الارض، ص ۳۰۷، ۳۱٤.

(۱۸)البابانى، هدية العارفين، ٤/ ۲٤۹.

(۱۹) صورة الارض، ص ۲۳۲، ياقوت الحموي، معجم البلدان، ٤/ ۱۷۷.

(۲۰) نزهة القلوب، ص ۱۱۹.

(۲۱) بڕوانە: الرافعي، التدوين في أخبار قزوين، دار الكتب العلمية (بيروت: ۱۹۸۷)، ۱/ ۳۰۰.

(۲۲) بڕوانە: ابن الأثير، الكامل، دار الفكر (بيروت: بلا)، ۲۱۷/٦، ٥٦۱.

(۲۳)

**اژ ته دارم چه مهرى پنهان راز**
**ده ترابه جماكى ده كهان راز**
**چه كونم كونه رسوا بكره كار**
**چه چشمم چشمەواج اوداجه ان راز**
**با ده بند ايه از دامن بزانه**
**سرشبى ار كنه اودوشوان راز**

لە دەستنووسێکی دیدا بەم شێوەیە هاتووە:

**ازو دارم چه مهرى پنهان راز**
**به نراته جماكى ده كهان راز**
**نه مر ايوه مزارم و سمه چشم**
**كدنويسديكون او زعفران راز.** تاريخ گزيده، ص۷۲٦-۷۲۷.

(۲٤) المعجم في معايير أشعار العجم، ص ۸۰، ۱٤۳، ۱٤۷.

(۲٥) إدوارد براون، تاريخ الأدب في إيران، ۱/۱٥٤، ۲/ ٦۷۷ - ٦۷۸.

(۲٦) خانلرى، تاريخ زبان فارسى ۱/۲۰۷- ۲۰۸.

(۲۷) "بسم الله حضرة الأمير الجليل عضد الدولة فناحسرو

بعده من الجيش سنة أربع وأربعين وثلثمائة-٩٥٥م- في منصرفة مظفرا من فتح اصفهان وأحضر من قرأ له في الآثار من الكتابة وقرأة علي بن السري الكردي ومار سعيد المؤيد الكازروني"، حاج ميرزا حسن فسائي، فارسنامه ناصري، تعليقات آقاى عبدالله عقيلي، ص٢١٧٥-٢١٧٨، براى بەڕێزم د.مووسا محەمەد خدر بەسپاسەوە لە هەبوونی ئەم دەقە ئاگاداری کردمەوە و بۆی ناردم.

(٢٨) تاريخ گزيده، ص ٧٧٦.

(٢٩) خوافى، مجمل فصيحى، ٢/ ٥٠٢.

(٣٠) بڕوانە پێشەکییەکەی محەمەد ئیقبال، وەرگێڕاوی عەرەبی(القاهرة: ١٩٦٠)، ص٢٢.

(٣١) راحة الصدور، ص٤٥-٤٦، ٤٦٠.

(٣٢) تاريخ الأدب في إيران، ١/ ١٥٤.

(٣٣) هەمان سەرچاوە، وەرگێڕاوی عەرەبی، ص١١.

(٣٤) ڕەسەنایەتی زمانەکەت بناسە، ل١٦-١٨.

(٣٥) الثعالبي، يتيمة الدهر في محاسن أهل العصر، ١٠٦/٣-١٠٧.

(٣٦) معجم البلدان/١/١١٧-١١٨.

**سەرچاوەکان:**


**- یەکەم: بە زمانی عەرەبی:**

- إدوارد براون، تاريخ الأدب في إيران منذ اقدم العصور حتى عصر الفردوسي، الترجمة للعربية (الكويت ١٩٨٤)، تاريخ الأدب في إيران من الفردوسي الى السعدي، ترجمة د.ابراهيم امين الشواربي، مكتبة الثقافة الدينية (القاهره ٢٠٠٤).
- الأصطخري، ابراهيم بن محمد الفارسي (ت بعد ٣٤٠ هـ/٩٥١ م).
- المسالک والممالک (القاهرة:١٩٦١).
- البابانى، إسماعيل باشا البغدادي، هدية العارفين في أسماء المؤلفين وآثار المصنفين، دار الفكر(بيروت:١٩٩٠).
- الراوندي، محمد بن علي بن سليمان (ت بعد ٦٠٣ هـ/١٢٠٥م).
- راحة الصدور وآية السرور، بسعي و تصحيح محمد إقبال، ط٢ (تهران:١٣٦٣ هـ.ش) (وەرگێڕاوی عەرەبی).
- أبوالفداء، الملک المؤيد اسماعيل بن علي (ت ٧٣٢هـ/١٣٣٢م).
- المختصر في أخبار البشر (تاريخ ابوالفداء)، دارالكتب العلمية (بيروت: ١٩٩٧).
- المسعودي، ابو الحسن علي بن الحسين بن علي (ت ٣٤٦هـ/٩٥٧م).
- التنبيه والاشراف، مكتبة خياط (بيروت: ١٩٦٥).
- ابن النديم، ابو الفرج محمد بن اسحق النديم (ت٣٨٣هـ/٩٩٣م).
- الفهرست، دار المعرفة (بيروت: ١٩٧٨).
- ياقوت الحموي، ياقوت بن عبدالله الرومي (ت ٦٢٦هـ/ ١٢٢٩م).
- معجم البلدان، دار احياء التراث العربي (بيروت: (د.ت)).

**دووەم: بە زمانی فارسی:**

- أسدي طوسى (سەدەی ٥ک/١١ز).
- لغت فرس، بکوشش محمد دبير ساقى، انتشارات کتابخانه طهورى، (تهران: ١٣٣٦هـ.ش).
- پرويز ناتل خانلرى، تاريخ زبان فارسى، جلد أول، چاپ پنجم (تهران:١٣٩١هـ.ش).
- حمدالله مستوفي قزويني(ت ٧٥٠هـ/١٣٤٩م).
- تارخ گزيده، بأهتمام عبدالحسين نوائى، مؤسسه انتشارات امير كبير (تهران:١٣٨١هـ.ش).
- خوافي: فصيح احمد جلال الدين محمد بن نصير الدين يحيى(ت ٨٤٩هـ/١٤٤٥م).
- مجمل فصيحى، بتصحيح وتحشيه محمود فرخ، کتابفروشى باستان (مشهد: ١٣٣٩هـ.ش).
- شمس قيس رازى، شمس الدين محمد (ت بعد٦٢٨هـ/١٢٣١م).
- المعجم في معايير أشعار العجم، بسعي واهتمام إدوارد براون، المطبعة الكاثوليكية (بيروت ١٩٠٩).

**سێیەم: بە زمانی کوردی:**

- محەمەد ئەمین هەورامانی.
- ڕەسەنایەتی زمانەکەت بناسە، دەزگای ئاراس (هەولێر:٢٠٠٥).